له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# قنووت

# له نوێژی وەتر

# و

# نوێژه فەرزەکاندا

ئامادەکردنی

إدريس محمود

پێداچوونەوەی

مامۆستا خليل أحمد

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل الله فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .

أما بعد : فإن أصدق الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار.

**بیدعە یەکێکە لەو بەڵا گەورانەی کە تووشی ئوممەتی ئیسلامی بووە ، و زۆرێك لە خەڵکی بەرەو سەر لێ شێواوی و گومڕایی بردووە ، هەرچەندە هەندێکیان وا تێگەیشتوون یان وا تێگەیەنراون کە لەسەر حەقن ، وەکو** (صديق حسن خان) **دەفەرموێت** : (وكثيرا ما يقع الإنسان في الابتداع ، وهو يظن أنه في الاتباع ، والسبب عدم الشغل بالعلم ، وسؤال أهل الذكر)[1] **واتە : زۆر جار مرۆڤ دەکەوێتە بیدعەوە و تووشی دەبێت ، بەڵام خۆی پێی وایە شوێنکەوتووی سوننەتە ، هۆکارەکەشی**

[1] (الروضة الندية : ص ١٣٧) .

**سەرقاڵ نە بوونە بە عیلم ، و پرسیار نەکردنە لە زانایان و شارەزایانی دین .**

**بۆ نەهێشتنی ئەو بیدعە و خورافیاتانەش کە تێکەڵ بە دین کراون ، پێویستمان بەوەیە سەرەتا هەوڵ بدەین خۆمان فێر ببین و شارەزای دینەکەمان ببین ، پاشان خەڵکیش فێربکەین ، و وریایان بکەینەوە لە مەترسی بیدعە و بیدعەچیان ، بە ڕاستی ئەوە چارەسەرە ، ئەگەر جگە لەوە بتەوێ ڕێگاچارەیەکی تر بگریتە بەر ، ئەوا دەبیتە هۆکارێك بۆ زیاترکردنی بیدعە نەك کەمکردنەوەی ، ئەوەی لەم نامیلکەیەشدا هاتووە هەوڵێکە بۆ لە گۆڕنانی ئەو بیدعانەی کە لە قونووتدا دەکرێن ، لە خوای گەورە داواکارین شارەزامان بکات لە دینەکەی خۆی ..** آمین .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

## مانای قونووت

**قونـووت لـه زمانـدا بـه چـەند مانایـەك هـاتووه لەوانـه : وەسـتان بەپێوه** (القيام) ، **بێدەنگی** (السكوت) ، **بەردەوامی پەرستش** (دوام العبادة) ، **پاڕانەوه** (الدعاء) ، (التسبيح) ، (الخشوع) .

**لـه زاراوه** (اصطلاح) **دا** : (هو اسم للدعاء في الصلاة في محل مخصوص من القيام )[٢] **واته : نا**

**وێكه بۆ ئەو پاڕانەوەیەی كه له شوێنێكی تایبەت لـه نوێـژدا دەكرێـت له كاتی وەستان به پێوه .**

## قونووت له نوێژه فەرزەكاندا [٣]

**قونووت له نوێژه فەرزەكانـدا شـەرعی نیـه ، تـەنها لـه كـاتی بـەلاّ و ناهەمواری**[٤] (النوازل) **دا نەبێت ، بەڵگەشمان ئەوەیه كه له فەرمووده‌دا**

---

[٢] (الفتوحات الربانية على الأذكار النووية : ٢ / ٢٨٦) .

[٣] **بڕوانه** : (فقه السنة : ص٢٣٥) و (صفة الصلاة للألباني : ص ١٧٨) و (الاختيارات الفقهية للإمام الألباني : ص ٩٥).

[٤] **وەكو داگیركردنی وڵات له لایەن دوژمنەوه ...**

**هـاتووه :** "كـان يقنت في الصلوات الخمس كلهـا"[٥] **واتـه : لـه هـەر پێـنج نوێژە فەرزەکەدا پێغەمبەر ﷺ قونووتی دەکرد .**

**بـەڵام** "كـان لا يقنت فيهـا إلا إذا دعـا لقـوم ، أو دعـا على قـوم"[٦] **واتـه : قونووتی نەدەکرد جگە لەو کاتەدا نەبێت کە دوعا بۆ قـەومێك بکـات , یان دوعا لە قەومێك بکات .**

**لـەو دوعایانەشـی کـە کردوویـەتی :** " اللهـم أنـج الوليـد بـن الوليـد ، و سـلمة بـن الهشـام ، و عيَـاش بـن أبي ربيعـة ، اللهـم اشـدد وطأتـك علـى مضـر ، و اجعلها سنين كسني يوسف ، [اللهم العن لحيان و رعلا و ذكوان و عصية عصت الله و رسوله] "[٧] .

**پاشان " کە لـە قونـووت دەبـووەوە دەیفـەرموو :** (الله أكبر) ، **و سوژدەی دەبرد "**[٨] .

**پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ ماوەیـەکی کـاتی قونـووتی دەکـرد ، وەکو**(أنس) **ی کوڕی** (مالك) **دەفەرموێت :** " قنت رسول الله ﷺ شهرا يدعو

---

[٥] ( أخرجه أبو داود و السراج و الدارقطني بسندين حسنين)

[٦] (الصحيحة : ٦٣٩) .

[٧] (البخاري : ٤٥٦٠ ، و الزيادة لمسلم : ٦٧٥).

[٨] (أخرجه أبو يعلى في مسنده بسند جيد).

على حي من أحياء العرب ، ثم تركه "[٩] **واتـە : پێغەمبـەری خـوا ﷺ مانگێك قونووتی کرد، دوعای کرد لە چەند هۆزێـك لـە هۆزەکانی عـەرەب ، پاشـان وازی لێ هێنا.**

**ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە بـە ردەوامـی قونـووتی نـەکردووە ، بـەڵکو بـۆ ماوەیـەکی دیـاری کـراو (مانگێك) کردوویـەتی و پاشـان وازی لێ هێنـاوە ، وتـەی ئەنـەس رضي الله عنه بـەوەی کـە مانگێـك کردوویـەتی و پاشـان وازی لێ هێنـاوە ، بەڵگەیـە لەسەر ئـەوەی ئـەو قونووتـەی کـە ئەنـەس رضي الله عنه مەبەستیەتی قونـووتی کـاتی بـەڵا و ناهەمـوارییـە ، هـەر بۆیـەش کاتەکـەی دیـاری کـردووە بـە مانگێك[١٠] .**

## قونووت لە نوێژی بەیانیاندا[١١]

**تایبـەتکردنی قونـووت بـە نوێـژی بـەیانیان بیدعەیـە[١٢] ، چـونکە نوێژی بەیانی لەگەڵ نوێژە فەرزەکانی تردا هیچ جیاوازیـەکی نیـە ، و**

---

[٩] (مسلم : ١ / ٤٦٩).

[١٠] **بڕوانە :** (القول المبين في أخطاء المصلين : ص ١٢٩) .

[١١] **بۆ نوسینی ئەم باسە سوودم لە کتێبی** (الموسوعة الفقهية الميسرة في فقه الكتاب و السنة المطهرة – حسين العوايشة) **وەرگرتووە .**

**هەموویان هەر لە کاتی بەڵا و ناهەمواریدا قونووتیان تێدا دەکرێت ، بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە بیدعەیە ، فەرموودەکەی** (أبي مالك الأشجعي) **یە کە دەفەرموێت :** " قلت لأبي : يا أبت إنك صليت خلف رسول الله ﷺ و أبي بكر و عمر و عثمان و علي هاهنا بالكوفة نحو خمس سنين ، أكانوا يقنتون في الفجر ؟ قال : ((أي بني محدث))[13] **واتە : بە باوکم وت : ئەی باوکە تۆ لەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلیەوە نوێژت کردووە لێرە لە کوفە بۆ ماوەی پێنج ساڵ ، ئایا ئەوان قونووتیان کردووە لە نوێژی بەیانیاندا ؟ فەرمووی : ((نەخێر کوڕم ئەوە شتێکی تازە داهێنراوە . واتە : بیدعەیە))** .

**لێرەدا ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئەوەی ڕوون کردەوە بۆ کوڕەکەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ و چوار خەلیفەکەش رضي الله عنهم لە نوێژی بەیانیاندا قونووتیان نەکردووە ، پێغەمبەری خوایش ﷺ لە کۆتایی ژیانیدا وەصیەتی بۆ ئوممەتەکەی کردووە ، کە دەست بگرن بە سوننەتی خۆی ﷺ و خەلیفە ڕێنموونی کراوەکانەوە کە ئەوانیش ( ئەبوبەکر و عومەر و عەلی و عوسمان ) ن** رضي الله عنهم

---

[12] **بڕوانە** : (قاموس البدع : ص ٤٠٧) و(الوجيز في فقه السنة و الكتاب العزيز : ١١٦) و(موسوعة الأحكام و الفتاوى الشرعية : ص٣٣٩) و(السنن و المبتدعات في العبادات : ٢٧٧).

[13] (صحيح ابن ماجة : ١٠٢٦) .

**هەروەها** (سعيد) **ی کوڕی** (جبير) **دەفەرموێت :** " إن القنوت في صلاة الفجر بدعة "[١٤] **واته : قونووت له نوێژی بەیانیاندا بیدعەیه .**

**پێشـەوا** (أحمد و إسحاق) **فەرموویانـه :** (لا يقنت في الفجر إلا عند نازلة تنزل بالمسلمين)[١٥] **واته : قونووت ناکرێت له نوێژی بەیانیانـدا تـەنها لـه کاتێکدا نەبێت که بەڵا و ناهەمواری به سەر موسڵمانانـدا بێت .**

**وه لـه چـەند** (أثر) **ێکـدا هـاتووه کـه هـاوەڵان لـه نوێـژی بەیانیانـدا قونووتیان نەکردووه**[١٦]**:**

(أسود)**ی کـوڕی** (يزيد) **و** (عمرو)**ی کـوڕی** (ميمون) **دەگێڕنـەوه** :(أنهما صليا خلف عمر الفجر فلم يقنت) **واتـه : نوێـژیان لـه دوای عومـەرەوه کردووه ، قونووتی نەکردووه .**

(علقمة)**ی کـوڕی** (قيس) **دەگێڕێتـەوه** : (أن ابن مسعود لم يكن يقنت في الفجر) **واته :** (ابن مسعود) **قونووتی نەدەکرد له نوێژی بەیانیاندا .**

---

[١٤] قال الشيخ الألباني في (الإرواء) . التحقيق الثاني . بعد تضعيفه نسبته إلى ابن عباس : (والصحيح أنه من قول سعيد بن جبير) . (الموسوعة الفقهية لحسين العوايشة) .

[١٥] (الترمذي : ٢ / ١٩١) .

[١٦] (هذه الآثار أخرجها ابن أبي شيبة في (المصنف : ٢ / ١٠٢) ، وبعضها عند عبدالرزاق (١٠٥) وما بعدها بأسانيد صحيحة (السنن و المبتدعات في العبادات : ص٢٧٩) و (ما صح من آثار الصحابة : ص٤١٥) .

(عمرو)**ی كوڕی** (دينار) **دەگێڕێتەوە :** (أن ابن الزبير صلى بهم الصبح فلم يقنت) **واته :** (ابن الزبير) **نوێژی بەیانی پێ كردوون قونووتی نەكردووە.**

(سعيد)**ی كوڕی** (جبير) **دەگێڕێتەوە :** (عن ابن عباس وابن عمر أنهما كانا لا يقنتان في الفجر) **واته :** (ابن عباس) **و**(ابن عمر) **لە نوێژی بەیانیاندا قونووتیان نەكردووە .**

**زانای پایەبەرز** (ابن باز ) **دەفەرموێت :** (( ... أما القنوت دائما في صلاة الفجر فليس بمشروع بل هو محدث ... ))[١٧] **واته : بەڵام قونووت بە بەردەوامی لە نوێژی بەیانیاندا شەرعی نیە بەڵكو تازە داهێنراوە .**

**هەروەها زانای پایەبەرز** (محمد ناصرالدين الألباني)**ش دەفەرموێت : بیدعەیە ، و فەرموودەكەی** (أبي مالك الأشجعي) **دەكات بە بەڵگە**[*] .

**بەڵام ئەو فەرموودەیەی كە** (ابن سيرين) **گێڕاویەتیەوە و دەڵێت : "** سئل أنس بن مالك : أقنت النبي ﷺ في الصبح ؟ قال : نعم ، فقيل : أو قنت قبل الركوع [أو بعد الركوع]؟ قال : بعد الركوع يسيرا **"**[١٨] .

---

[١٧] (موسوعة الأحكام :ص٣٣٩ ).

[*] (إرواء الغليل : ٢ /١٨٢) .

[١٨] (البخاري : ١٠٠١).

**واتە : پرسیار كرا لە ئەنەسی كوڕی مالیك : ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانیدا قونووتی كردووە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، وترا : پێش ڕكوع قونووتی كردووە یان دوای ڕكوع ؟ فەرمووی : پاش ڕكوع بۆ ماوەیەكی كەم .**

**لە فەرموودەیەكی تردا ئەنەس رضي الله عنه دەفەرموێت :** " قنت رسول الله ﷺ شهرا يدعو على حي من أحياء العرب ، ثم تركه "[19] **واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ مانگێك قونووتی كرد، دوعای كرد لە چەند هۆزێك لە هۆزەكانی عەرەب ، پاشان وازی لێ هێنا.**

**ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەردەوامی قونووتی نەكردووە ، چونكە ئەنەس دەفەرمویٚ مانگێك قونووتی كرد پاشان وازی لیٚ هێنا ، ئەمەش قونووتی كاتی بەلاٚ و ناهەمواریە كە تایبەت نیە بە نوێژێك لە نوێژەكان بەڵكو لە هەموو نوێژەكاندا دەكرێت ، لە پاش ڕكوع ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم قونووتەی نەدەكرد لە كاتێكدا نەبێت كە دوعا لە یەكێك بكات یان دوعا بۆ یەكێك بكات .**

---

[19] (مسلم : ١ / ٤٦٩).

(أبو هريرة) **دەفـەرموێت :** " أن رسول الله ﷺ كان إذا أراد أن يدعو على أحد أو يدعو لأحد ، قنت بعد الركوع ... "[٢٠] **واتـه : پێغەمبـەری خـوا** ﷺ **ئەگەر بیویستایە دوعا لە یەکێك بکات ، یان دوعا بۆ یەکێك بکات ، لە پاش ڕکوع قونووتی دەکرد .**

**لەو دوعایەنەشی کە کردوویەتی :** (خفاف) **ی کوڕی** (إيماء) **دەفەرموێت :** " ركع رسول الله ﷺ ثم رفع رأسه فقال : غفار غفر الله لها ، وأسلم سالمها الله وعصية عصت الله ورسوله ، اللهم العن بني لحيان والعن رعلا وذكوان " .

**واتە : پێغەمبەری خوا** ﷺ **ڕکوعی برد پاشان سەری بەرزکردەوە و فەرمووی :** غفار غفر الله لها ، و أسلم سالمها الله وعصية عصت الله ورسوله ، اللهم العن بني لحيان والعن رعلا وذكوان .

**لەبەرئـەوە کاتێـك** (عاصم) **هـات بـۆ لای** (أنس) **ی کـوڕی** (مالك) **و پرسیاری لێکرد لە بارەی قونووتەوە و فەرمووی :** " قد كان القنوت قبل الركوع أو بعده ؟ قال : قبله ، قال : فإن فلانا أخبرني عنك أنك قلت : بعد الركوع ! فقال كذب ؛ إنما قنت رسول الله ﷺ بعد الركوع شهرا ، أراه كان بعث قوما يقال لهم القراء زهاء سبعين رجلا إلى قوم من المشركين دون أولئك ، وكان بينهم و بين

---

[٢٠] (البخاري : ٤٥٦٠).

رسول الله ﷺ عهد فقنت رسول الله ﷺ شهرا يدعو عليهم "[٢١] **واتە : قونووت پێش ڕکوع بوو یان دوای ڕکوع ؟ فەرمووی پێش ڕکوع ، عاصم فەرمووی : فلان کەس هەواڵی پێداوم کە تۆ وتووتە : پاش ڕکوع ! فەرمووی : درۆی کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ مانگێك قونووتی لە پاش ڕکوع کرد ، کۆمەڵێك لە هاوەڵان کە پێیان دەوترا :** (القراء)[٢٢] **و نزیکەی حەفتا پیاو بوون ، ناردنی بۆ لای قەومێکی هاوەڵ بڕیاردەر ، وە لە نێوان ئەو قەومە و پێغەمبەری خوادا ﷺ پەیمان هەبوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ یەك مانگ قونووتی کرد و دوعای تێکردن .**

**لەم فەرموودەیەدا ئەنەس رضي الله عنه ئەوەی نەفی کرد کە قونووت دوای ڕکوع بێت ، ئەمەش وای لێ تێدەگەین کە قونووتی وەتر پێش ڕکوعە ، بەڵام لە کاتی بەڵا و ناهەمواریدا پاش ڕکوعە .**

---

[٢١] (البخاري : ١٠٠٢).

[٢٢] (القراء) : **نزیکەی حەفتا صەحابی بوون پێغەمبەری خوا ﷺ ناردنی بۆ لای هۆزەکانی** (رعل و ذكوان و عصية) **لە** (بني سليم) **، کە وایان پیشان دەدا مسوڵمان بوون ، و داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ چەند صەحابییەکیان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی فێری دینیان بکەن ، ئەویش ئەو حەفتا صەحابییەی بۆ ناردن ، بەڵام خیانەتیان لێکردن و هەموویان کوشتن ، پێغەمبەری خوایش ﷺ یەك مانگ لە قونووتدا دوعای تێکردن . بڕوانە** (فقه السنة : ص ٢٣٦) .

بەڵام ئەو فەرموودەیەی کە دەڵێت : " ما زال رسول الله ﷺ يقنت في الفجر حتى فارق الدنيا " وەرناگیرێت چونکە (ضعيف)[٢٤] ە ، واتای فەرموودەکەش ئەوەیە کە بەردەوام پێغەمبەری خوا ﷺ قونووتی دەکرد تاوەکو دونیای بەجێ هێشت .

(ابن القيم) لە (زاد المعاد : ١ / ٢٧١) فەرموویەتی : (مەحاڵە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو بەیانیەکدا لە پاش ڕاست بوونەوە لە ڕکوع وتبێتی : " اللهم اهدني فيمن هديت ، وتولني فيمن توليت ...الخ " وە دەنگی بەرز کردبێتەوە ، و هاوەڵان ئامینیان لە سەر کردبێت بە هەمیشەیی تاوەکو دونیای بەجێ هێشتووە ، پاشان ئەمە لای ئوممەت ئاشکرا نەبێت ، بەڵکو زۆرینەی ئوممەتەکەی و زۆرینە بەڵکو هەموو هاوەڵەکانیشی نەیانکردووە ، هەتا هەندێکیان وتوویانە : تازە داهێنراوە ! وەکو (سعد بن مالك الأشجعي) وتوویەتی) .

(ابن القيم) پاش ئەوەی کە ئەو فەرموودەیەی پێشوو بە (ضعيف) دادەنێت ، دەفەرموێت : (ئەگەر (صحيح) یش بێت ، بەڵگەی تێدا نیە

---

[٢٤] حديث منكر فيه : أبو جعفر الرازي و اسمه عيسى بن ماهان متكلم فيه . قال ابن التركماني : ... قال ابن حنبل و النسائي : ليس بالقوي ، وقال أبو زرعة : يهم كثيرا ، وقال الفلاس : سيء الحفظ ، وقال ابن حبان يحدث بالمناكير عن المشاهير ... وانظر التفصيل في (السلسلة الضعيفة : ١٢٣٨) (الموسوعة الفقهية : ١٣٦) .

**بۆ ئەو قونووتە دیاری كراوە**[*] ، **چونكە بە (بە پێوە وەستان و بێدەنگی و بەردەوامی پەرستش و پاڕانەوە و تەسبیح و خشوع) یش دەوترێت قونووت ، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿وله من في السموات والأرض كل له قانتون﴾ [الروم : ٢٦]. ﴿وكانت من القانتين﴾ [التحريم : ١٢].

(زيد) **ی كوڕی** (أرقم) **دەفەرموێت :** " لما نزل قوله تعالى : ﴿وقوموا لله قانتين﴾ أمرنا بالسكوت ونهينا عن الكلام "[٢٥] **واتە : پاش ئەوەی ئایەتی** ﴿وقوموا لله قانتين﴾ **دابەزی فەرمانمان پێكرا بە بێدەنگی و نەهیمان لێكرا لە قسەكردن (لە نوێژدا).**

**باشە ئێوە چۆن زانیتان كە ئەنەس ئەو دوعا دیاری كراوەی ویستووە ، و دوعاكانی تری نەویستووە ؟)**[٢٦] **، وە دەفەرموێت : (پاش ئەوەی كە قونووت لە سەر زمانی فەقیهەكان و زۆرینەی خەڵكی بوو بە ئەو دوعا ناسراوە** (اللهم اهدني فيمن هديت ... الخ)، **و بیستوویانە**

---

[*] **مەبەستی ئەم دوعایەیە** " اللهم اهدني فيمن هديت ، و تولني فيمن توليت ... الخ " .

[٢٥] (البخاري : ٤٥٣٤).

[٢٦] (زاد المعاد : ص ٢٧٦) .

کـە (پێغەمبـەر ﷺ)[*] قونـووتی کـردووە تـاوەکو دونیـای بـەجێ هێشـتووە ، وە هـەروەها خەلیفـە ڕاشـیدینەکان و جگـە لـەوانیش لـە هاوەڵان ( کردوویانە ) ، هاتوون ئەو قونووتەی کە لە لەفزی هاوەڵاندا هـاتووە دایـان بڕیـوە بـە سـەر وشـەی قونـووت لـە زاراوە (اصطلاح) ی خۆیاندا (واتە : ئەو قونووتـەی کـە لـە هاوەڵانـەوە هـاتووە ، ئەم دوعـا دیـاری کـراوە نیـە ، بـەڵکو ئـەوان مەبەسـتیان ماناکـانی تـری قونـووت بووە کە پێشتر باسمان کرد بەڵام ئەمان هاتوون تایبەتیان کردووە بـەو دوعـا دیـاری کـراوەوە ) وە پاشـان خـەڵکێك پەیـدابوون کـە جگـە لەوەیان نەدەزانی ، بۆیە گومانیـان نـەبوو لـەوەی کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ و هاوەڵانی ﷺ بەردەوام بوونـە لـە سـەری لـە هـەموو بەیانیەکدا ! لەمەشدا زۆربەی زانایان ناکۆکن لەگەڵیاندا و دەڵێن : پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەردەوام نەیکردووە )[٢٧] .

لە پاش ئەوەی کە باسمان کرد پرسیار لەو کەسانە دەکەین کە بە بـەردەوامی لـە نوێـژی بەیانیانـدا قونـووت دەکـەن : ئایـا بۆچـی

[*] وشەی ناو کەوانەکان خۆمان زیادمان کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی مانا .

[٢٧] (زاد المعاد : ٢٨٣).

**قونووتتان تایبەت کردووە بە نوێژی بەیانیەوە و لە نوێژەکانی تردا نایکەن ؟**

**ئەگەر بڵێن : فەرموودەی** (صحيح) **ی لە بارەوە هاتووە : ئێمەش دەڵێین ڕاستە فەرموودەی** (صحيح) **هاتووە لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانی و نوێژەکانی تردا ، لە کاتی بەڵا و ناهەمواریدا قونووتی کردووە ، بەڵام بە تەنها تایبەتی نەکردووە بە نوێژی بەیانیەوە بەڵکو لە هەموو نوێژەکانی تریشدا کردوویەتی .**

(أنس) **ی کوڕی** (مالك) **دەفەرموێت :** " كان القنوت في المغرب والفجر "[٢٨] **واتە : قونووت لە نوێژی مەغریب و بەیانیدا بوو .**

**لە فەرموودەیەکی تردا کە** (سلمة) **ی کوڕی** (عبد الرحمن) **دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت :** " ... فكان أبو هريرة يقنت في الظهر والعشاء الآخرة وصلاة الصبح ، ويدعو للمؤمنين ويلعن الكافرين " [٢٩] **واتە : ئەبو هورەیرە لە نوێژی نیوەڕۆ و عیشا و نوێژی بەیانیدا قونووتی دەکرد ، و دەپاڕایەوە بۆ بڕواداران و لەعنەتی دەکرد لە بێباوەڕان .**

---

[٢٨] (البخاري : ١٠٠٤).

[٢٩] (مسلم :٦٧٦).

**باشە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و حەز دەکەن سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ زیندوو بکەنەوە ئەی بۆ شوێن ئەو هەموو فەرمووده** (صحيح) **انە ناکەون و پشتگوێی دەخەن ، و شوێن فەرموودەیەك دەکەون کە** (ضعيف) **ە .**

**خوای گەورە لە ئایەتی تاقیکردنەوەدا دەفەرموێت :** ﴿قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم﴾[30] **واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ بە بڕواداران بڵێ : ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن ، ئەو کاتە خواش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت ، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە .**

## قونووت لە نوێژی وەتردا

**لە فەرموودەدا هاتووە :** " كان النبي ﷺ يقنت في ركعة الوتر "[31] **واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ قونووتی دەکرد لە ڕکاتەکەی وەتردا .**

---

[30] (آل عمران : ٣١).

[31] (رواه ابن نصر و الدارقطني بسند صحيح).

" و يجعله قبل الركوع "[٣٢] **واته : قونووتەکەی دەخستە پێش ڕکوع . وە هەندێك جار دەیکرد.**

**شێخ ئەلبانی دەفەرموێت :** (وإنما قلنا : أحيانا ، لأن الصحابة الذين رووا الوتر لم يذكروا القنوت فيه ، فلو كان ﷺ يفعله دائما ، لنقلوه جميعا عنه ، نعم رواه أبي ابن كعب وحده ، فدل على أنه كان يفعله أحيانا ، ففيه دليل على أنه غير واجب ، وهو مذهب جمهور العلماء ، ولهذا اعترف المحقق ابن الهمام في فتح القدير (١ / ٣٠٦ و ٣٥٩ ، ٣٦٠) بأن القول بوجوبه ضعيف لا ينهض عليه دليل وهذا من إنصافه وعدم تعصبه ، فإن هذا الذي رجحه هو على خلاف مذهبه)[٣٣] **واته : بۆیه وتمان : هەندێك جار ، چونکه ئەو هاوەڵانەی که وەتریان ڕیوایەت کردووه ، باسی قونووتیان تێدا نەکردووه ، بۆیه ئەگەر پێغەمبەر ﷺ بەردەوام بیکردایه ئەوا هەموویان بۆیان نەقڵ دەکردین ، بەڵێ تەنها ئوبەی کوڕی کەعب گێڕاویەتیەوه ، ئەمەش بەڵگەیه له سەر ئەوەی که جار جار کردوویەتی ، وە بەڵگەشه له سەر ئەوەی که واجب نیه ، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانه .**

---

[٣٢] (رواه أبو داود بسند صحيح).

[٣٣] (الاختيارات الفقهية : ص ١٣٠) .

## شوێن و دوعای قونووت[٣٤]

**یەکەم : پاش تەواوبوون لە خوێندنی قورئان و پێش ڕکوع ، هەندێك جار قونووت دەکرێت بەو دوعایەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ** (حسن) **ی کوڕی** (علي) **فێرکرد ، ئەویش ئەم دوعایەیە : "** اللهم اهدني فيمن هديت ، و عافني فيمن عافيت ، و تولني فيمن توليت ، و بارك لي فيما أعطيت ، و قني شر ما قضيت ، فإنك تقضي و لا يقضى عليك ، و إنه لا يذل من واليت ، و لا يعز من عاديت ، تباركت و تعاليت ، لا منجا منك إلا إليك **"**[٣٥] .

**دووەم : ئاساییە دوعای قونووت بخرێتە دوای ڕکوع ، و نەفرەت بکرێت لە بێباوەڕان ، و دوعا بکرێت بۆ موسڵمانان ، و صەڵاوات بدرێت لە سەر پێغەمبەر ﷺ ، لە نیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزاندا ، چونکە ئەمە لە پێشنوێژەکانی سەردەمی ئیمامی عومەرەوە رضي الله عنه جێگیر بووە .**

**لە کۆتایی فەرموودەی** (عبد الرحمن) **ی کوڕی** (عبد القاري) **دا هاتووە : " لەعنەتیان دەکرد لە بێباوەڕان لە نیوەی ڕەمەزاندا :** اللهم

---

[٣٤] ( انظر قيام رمضان الألباني : ص٣١) .

[٣٥] (أخرجه أبوداود بسند صحيح).

قاتل الكفرة الذين يصدون عن سبيلك ، ويكذبون رسلك ، و لا يؤمنون بوعدك ، و خالف بين كلمتهم ، و ألق في قلوبهم الرعب ، و ألق عليهم رجزك و عذابك ، إله الحق " ، **پاشان صەڵاواتیان دەدا لە سەر پێغەمبەر** ﷺ ، **و ئەوەندەی بتوانن دوعای خێریان بۆ موسڵمانان دەكرد ، پاشان داوای لێخۆشبوونیان بۆ بڕواداران دەكرد . پاش ئەوە داوایان دەكرد** : " اللهم إياك نعبد ، و لك نصلي و نسجد ، و إليك نسعى ونحفد ، و نرجو رحمتك ربنا ، و نخاف عذابك الجد ، إن عذابك لمن عاديت ملحق " **پاشان** ( ألله أكبر ) **دەكات و سوژدە دەبات** .[٣٦] .

## چەند سودێك

١ . **ئیمام لە كاتی قونووتدا دەنگ بەرز دەكاتەوە ، لە فەرموودەدا هاتووە** : " وكان يجهر بدعائه "[٣٧] **واتە : پێغەمبەری خوا** ﷺ **دەنگی بەرز دەكردەوە** .

---

[٣٦] (رواه ابن خزيمة في صحيحه : ٢ / ١٥٥ ، ١٥٦ / ١١٠٠) .

[٣٧] (البخاري : ٤٥٦٠).

**٢ . له کاتی قونووتدا دەست بەرز دەکرێتەوە ، لە فەرموودەدا هاتووە :**" كان النبي ﷺ يرفع يديه في القنوت "[٣٨] **واتە : پێغەمبەر ﷺ لە قونووتدا دەستی بەرز دەکردەوە .**

**ئەمەش مەزهەبی** (أحمد و إسحاق) **ە**[٣٩] .

**بەڵام فەرموودەیەکی** (ضعيف) **هەیە کە دەڵێت :** " كان إذا رفع يديه لا يردهما حتى يمسح بهما وجهه "[*] **وا تە : کە پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز بکردایەتەوە ، نەیدەگێڕایەوە تاوەکو دەم و چاوی پێ نەسڕایە .**

**٣ . ئەوانەی لە دوای ئیمامەوە نوێژ دەکەن** ( آمين ) **دەکەن لە سەر دوعاکانی ئیمام ، لە فەرموودەدا هاتووە :** " ويؤمن من خلفه "[٤٠] **واتە : ئەوانەی لە دوای ئیماوەن** (آمين) **دەکەن .**

**٤ . دروستە هەندێك جار صەڵاوات بدرێت لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، چونکە لە هاوەڵانەوە جێگیر بووە ، شێخ ئەلبانی دەفەرموێت :** (ثبت في حديث إمامة أبي بن كعب الناس في قيام رمضان أنه كان

---

[٣٨] (رواه أحمد و الطبراني بسند صحيح).

[٣٩] (الشرح الممتع : ص١٣).

[*] (ضعيف : أخرجه الترمذي : ٣٣٨٣ ، و في إسناده حماد بن عيسى و هو ضعيف كما في التقريب) .

[٤٠] (أخرجه أبو داود والسراج وصححه الحاكم ووافقه الذهبي).

يصلي على النبي ﷺ في آخر القنوت ، وذلك في عهد عمر رضي الله عنه رواه ابن خزيمة في صحيحه (١٠٩٧) وثبت مثله عن أبي حليمة معاذ الأنصاري الذي كان يؤمهم أيضا في عهده . رواه إسماعيل القاضي (رقم ١٠٧) وغيره فهي زيادة مشروعة لعمل السلف بها ، فلا ينبغي إطلاق القول بأن هذه الزيادة بدعة .والله أعلم[٤١] **واته : جێگیر بووه له فەرمووده‌ی پێشنوێژی ئوبەی کوڕی کەعب بۆ خەڵکی له . تەراویحدا . کە صەڵاواتی داوه لە سەر پێغەمبەر ﷺ لە کۆتایی قونووتدا ، ئەمەش لە سەردەمی ئیمامی عومەردا** .... **بۆیە زیادەیەکی مەشروعە لەبەرئەوەی سەلەف کردوویانە ، و نابێت بوترێت ئەم زیادەیە بیدعەیە .**

٥ . **حیکمەتی دانانی دوعای قونووت لە پێش یان لە دوای ڕکوع ئەوەیە : کە ئەوانەی لە دوای ئیمامەوە نوێژ دەکەن ، بەشداری بکەن لەگەڵ ئیمامدا ، ئەگەر تەنها بە** ( آمين ) **کردنیش بێت**[٤٢] .

## هەڵە و بیدعەکانی قونووت

١ . **یەکێك لە هەڵەکان تایبەتکردنی قونووتە بە نوێژی وەترەوە لە نیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزان ، ڕاستە قونووت لە نیوەی دووەمی**

[٤١] (الاختيارات الفقهية : ص١٣٠).

[٤٢] (فتح الباري : ج٢ ص٦٣٣).

**مانگی ڕەمەزاندا حاڵەتێکی تایبەتی هەیە ، بەڵگەش لە سەری ئەو** (أثر) **یە کە لە** (صحيح ابن خزيمة : ٢ / ١٥٥ ، ١٥٦ رقم ١١٠٠) **دا هاتووە کە پێشتر باسمان کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر تایبەت نیە بە نوێژی وەترەوە ، بەڵکو لە هەموو ساڵدا مەشروعە ، و ئەو فەرموودەیەی لەبارەی تایبەتکردنەکەوە هاتووە** (ضعيف) **ە**[٤٣] .

٢ . **یەکێکی تر لە هەڵەکان زیادکردنی "** فلك الحمد على ما قضيت ، أستغفرك وأتوب إليك **" ە لە سەر دوعای قونووت ، چونکە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ نەگێڕدراوەتەوە کە ئەو زیادەیەی وتبێت**[٤٤] .

٣ . **دەست هێنان بە دەم و چاو لە کاتی لێبوونەوە لە دوعای قونووت بیدعەیە ، شێخ ئەلبانی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت :** (وأما مسح الوجه بهما فلم يرد في هذا الموطن ، فهو بدعة ، وأما خارج الصلاة فلم يصح ، وكل ما روى في ذلك ضعيف ، وبعضه أشد ضعفا من بعض كما حققته في (ضعيف سنن أبي داود : ٢٦٢) و(الأحاديث الصحيحة : ٥٩٧) ولذلك قال العز بن عبد السلام في بعض فتاويه : لا يفعله إلا الجهال[٤٥] !

---

[٤٣] (**بڕوانە** : القول المبين في أخطاء المصلين : ١٣٣) .

[٤٤] (القول المبين : ١٣٤) .

[٤٥] (الاختيارات الفقهية : ص١٣٠) .

**واتە : دەست هێنان بە دەم و چاو لەم شوێنەدا** (**واتە : لە دوای دوعای قونووت**) **هیچی لە سەر نەهاتووە ، و بیدعەیە ، بەڵام لە دەرەوەی نوێژ فەرموودەی** (صحيح) **ی لە سەر نەهاتووە ، و هەموو ئەوانەی لەم بارەیەوە ڕیوایەت کراون** (ضعيف)**ن ، ... لە بەرئەوەش** (عز بن عبد السلام) **لە هەندێك لە فەتواکانیدا فەرموویەتی : مەسحی دەم و چاو ناکات مەگەر کەسێك کە نەزان بێت .**

**بەڵام فەرموودەیەکی** (ضعيف) **هەیە کە دەڵێت :** " كان إذا رفع يديه لا يردهما حتى يمسح بهما وجهه " **واتە : کە پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز بکردایەتەوە ، نەیدەگێڕایەوە تاوەکو دەم و چاوی پێ مەسح نەکردایە .**

٤ . **خوێندنی دوعای** (اللهم اهدني فيمن هديت ... الخ) **لە قونووتی کاتی بەڵا و نەهامەتیدا، چونکە ئەم دوعایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا ناگونجێت**[٤٦] .

٥ . **درێژکردنەوەی قونووت**[٤٧] **، چونکە دەبێتە هۆی بێزارکردنی نوێژگەران ، بیریان لە لای نوێژەکانیان نامێنێت .**

---

[٤٦] ( القول المبين : ص١٣٤) .

٦ . دەنگ بەرزکردنەوەی زۆر [٤٨].

## پوختەی ئەم نامیلکەیە

پوختەی ئەو قسانەی پێشتر لەم چەند دێڕەدا کورت دەکەینەوە : قونووت لە نوێژە فەرزەکاندا تەنها لە کاتی بەڵا و ناهەمواریدا دەکرێت ، و تایبەت کردنی قونووت بە نوێژی بەیانیەوە بیدعەیە ، و قونووتی وەتر هەندێك جار دەکرێت نەك بە بەردەوامی ، لە قونووتدا دروستە ئیمام دەنگ بەرز بکاتەوە ، و دەست بەرزبکاتەوە ، و ئەوانەی لە دوای ئیمامەوەن ( آمين ) بکەن لە سەر دوعاکان ، و دروستە صەڵاوات بدرێت ، بەڵام دەست هێنان بە دەم و چاو لە دوای تەواوبوونی دوعای قونووت بیدعەیە .

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

---

[٤٧] (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

[٤٨] ( القول المبين : ص١٣٤ ) .

# سەرچاوەکان

١ . فتح الباري شرح صحيح البخاري – ابن حجر العسقلاني .

٢ . صحيح فقه السنة – أبو مالك كمال بن السيد سالم .

٣ . الروضة الندية – صديق حسن خان .

٤ . الموسوعة الفقهية الميسرة في فقه الكتاب والسنة المطهرة – حسين بن عودة العوايشة .

٥ . الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز – عبد العظيم البدوي .

٦ . فقه السنة – سيد سابق .

٧ . قيام رمضان – الشيخ العلامة المحدث محمد ناصر الدين الألباني .

٨ . الاختيارات الفقهية للإمام الألباني – إبراهيم أبو شادى .

٩ . الإقناع في مسائل الأجماع – للإمام الحافظ أبي الحسن علي بن القطان الفاسي .

١٠ . القول المبين في أخطاء المصلين – مشهور بن حسن آل سلمان .

١١ . قاموس البدع – مشهور بن حسن آل سلمان ، أحمد بن إسماعيل الشكوكاني .

١٢ .الشرح الممتع على زاد المستقنع – الشيخ العلامة الفقيه محمد بن صالح العثيمين .

١٣ . موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية – جمع و ترتيب : صلاح الدين محمود السعيد .

١٤ . (فقه السنة) **بە کوردی – وەرگێڕانی : حەمە ئەمین ئەحمەد بەرزنجی .**

١٥ . **چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ - وەرگێڕانی : مامۆستا عەدنان بارام کەلاری .**

١٦ . السنن والمبتدعات في العبادات – عمرو عبدالمنعم سليم .